## بۆ/راگری کۆلیژی پەروەردەی کەلار و
## بەرچاوی رای گشتی و ئەوانەی چاویان بەو بەیاننامەیە کەوتووە

بە بۆنەی یادی 46 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و بۆ بەرز و پیرۆز راگرتنی ئەو یادە ،کۆمەڵێك لافیتە لە شوێنە گشتیەکانی ناو شاری کەلار دانران، یەکێك لەو شوێنانە شورای کۆمەڵگای شوقەکان و بەشی ناوخۆیی کچان و ماڵ و سەرپەرشتیاریی پەروەردەی لێیە ، کە ئیدارەی کۆلیژی تێدا نیە و دەکەوێتە سەر رێگای گشتی کەلار - کفری ، بەداخەوە هەر لەگەڵ دانانی لافیتەکان ئەفەندییەك بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین لەو دوو کەسە تورە ئەبێت کە لافیتەکانیان هەڵواسیوە و دەست دەکات بە ووتەی ناشرین و سوکایەتی کردن بە پارتی و پیرۆزیەکانی پارتی هتد... ئەو دوو هەڤاڵەی پارتی لە بەر ئەوەی پەروەردەی رێبازی پیرۆزی بارزانی نەمرن وەلامی نادەنەوە و پێی دەڵێن بەرێز دانانی لافیتە لەسەر شورایەکی سیم بەندی ( بەشی ناوخۆیی ، ماڵ ، مامۆستایان ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (کە ئیستا دەوامی تیا نیە و زیاتر لەسەد مەتر دوورە لە بیناکان و ناوەڕۆکی لافیتەکان سوکایەتی بۆ کەس تیا نیە و پێیان راگەیاندووە ئەمڕۆش 2007/9/11 یادی شۆڕشی ئەیلولە و شۆڕشی ئەیلول هی هەموو کوردە، بەلاّ! م بەداخەوە بەوەشەوە نەوستاوە وسوکایەتی بە شۆڕشی ئەیلول و ....و....و....کردووە ، بەکوردییەکی شەق و لەق ووتویەتی ﴿پارتی چی دەکات لە گەرمیان و ئەگەر ئێوە راست دەکەن بۆ لافیتە بە سەوز نانوسن، کەلار و گەرمیان هی یەکێتیە(وەك ئەوە وایە بەرێزیان خاوەنی کوردستان بن و ئێمە میوان) من لەسەروی هەموو لایەکم و حساب بۆ پارتی و حکومەتی هەولێر و...و..و ناکەم﴾، دیسانەوە خۆی پێنەگیراوە و وێرای بوونی شورای سیم بەندییەکە ، وویستویەتی دەست درێژی بکاتە سەر هەڤاڵەکانی ئێمە ، هەر بەمەبەست و بۆ تورە کردنیان ئەو لافیتەی کە زەرد بووە لێی کردووەتەوە و فڕێی داوەتە سەر شەقامەکە ، کاتێکیش داوایان لێکردووە خۆی بناسێنێ کێیە وا بەو شێوەیە قسە و رەفتار دەکات لە وەلامدا ووتویەتی من کەسێکم ناهێڵم پارتی لافیتە لێرە دابنێت و تەواو؟! دواتر بۆمان دەرکەوت ئەو ئەفەندییە کە بە زمانێکی ناوبازاڕییانە و دوور لە هیچ ئەخلاقیاتێك جنێوی ناشرینی بە هەڤالاّنی ئێمە و پارتی و پیرۆزییەکانی داوە راگری کۆلێژی پەروەردەی کەلارە ! هەر بۆ روونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەوەی هەمولایەك راستیەکانیان لاڕون بێت و چەواشە نەکرێن و خەڵك و جەماوەرچاو بەستە نەکرێن، ئێمە لە2007/8/16 ی ئەم ساڵ کۆمەڵێك لافیتەمان لێ کرایەوە و دیار نەمان ، دوای ئەوەی ئاسایش و برایانی یەکێتیمان ئاگادارکردەوە ، بەڵێنیاندا بەدواداچوونی بۆ بکەن ، ئەمڕۆش هەر لەو کاتەی بەرێزی سوکایەتی بە هەڤالاّنی ئێمە و پارتی کردووە بە شانازییەوە ووتوویەتی لافیتەکانی 16ی ئابیش من لامبردووە هەردوای ئەو روداوە دەم و دەس ئێمە ئاسایشمان ئاگادارکردووە و ، چاوەڕوانی ئیجرائاتی ئەوان بووین ، ئێمە خەڵکی کەلار و مامۆستایان دەکەین بە شایەت و دەپرسین :

•ئەرێ (بەشی ناوخۆیی کچان) راگرایەتی کۆلێژە؟ هەموو خەڵکی کەلار دەزانن کۆلێژی پەروەردەی کەلار لە گەڕەکی فەرمانبەرانە ، نەك لە شوێنی لافیتەکان.

•ئەرێ دانانی سێ لافیتە بۆ دوو رۆژ زیانی چیە بە قەد شورایەکەوە بێت کە زۆر دوورە لە بەشی ناوخۆییەکەوە

؟ لـە کاتێکـدا لـە هـەموو بۆنـە و یادەکـانی لایەنـەکانی تـردا لافیتـە نـەك لـەوێ بـەڵکو لـە سـەر دیـواری کۆلێژەکـەی جـەنابی دکتـــــــــــــۆریش هـــــــــــــەڵ دەواســـــــــــــرێت .

•ئـــــەرێ ئـــــەو مامۆســـــتا و فەرمانبەرانـــــە لـــــەوێ بـــــوون تـــــا ئـــــەو بیانکـــــات بـــــە شـــــایەت ؟

•بـە چ هـەقێك دەڵێـت بـۆ لافیتـەکان بـە سـەوز نانوسـن؟ ئایـا ئەمـە هـەوڵێك نییـە بـۆ تێکـدان و ئـاژاوە درووسـت کـردن لـــــــە نێـــــــوان پـــــــارتی و یەکێتیـــــــدا ؟ ئایـــــــا ئـــــــەو خـــــــۆی بەنوێنـــــــەری کـــــــێ دەزانـــــــێ ؟

•ئـەرێ جـوانتر نـەبوو پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە بکردایـە و ئەگـەر کێشـەیەك هەیـە بـە هـەردوو لا برایانـە چارەسـەرمان بکردایــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــە؟

•یـان هـیچ نەبوایـە لـە جیـاتی ئـەو هـەموو کـات کوشـتنە ، بهتایەتـە بارەگاکـەی ئێمـە کـە بـە دووری لافیتـەکان لـەوەوە دوورە ، ئـاوێکی سـارد و شـیرینییەکی بخواردایـە و یادەکـەی پـیرۆز بکردایـە و ، ئـەوجار ئەگـەر هـەر گلەییـەکی هەبوایـە باسـی بکردایـــــــــــــــــــــە ؟ بزانـــــــــــــــــــــە چارەســـــــــــــــــــــەر دەکـــــــــــــــــــــرا یانـــــــــــــــــــــا ؟

•ئـەرێ نانـەوەی هـەڵاو ناوزڕانـدن و خـەڵك هانـدان و دەوام داخسـتن خزمـەت بـەکێ دەکـات و بـە کوێمـان دەگەیـەنێت ؟ نـــــەك قســـــەی بـــــازاڕی و جنێـــــو ببـــــە پێشـــــمەرگەکان بـــــدات و ئەمـــــە لـــــە کـــــاری مامۆســـــتا دەوەشـــــێتەوە ؟

•خـۆ ئەگـەر ئەوانەشـی زۆر لاگـران بـوو دەیتـوانی تەلـەفونێکی بـۆ ئاسـایش بکرادیـە و داخـی دڵـی خـۆی بڕشـتایە چـونکە ئـەو باسـی سـەرەوری یاسـا و حـەرەم دەکـات(سـەیرە تـۆ بلێـی مامۆسـتا نـەزانێ شۆڕشـی ئـەیلول و پـارتی هـەزارەها قوربـانی وەدریایـەك خـوێنی رشـتووە تـا کوردسـتان گەیشـتووەتە ئـەمڕۆ). ئـەرێ ئەمـە شـکاندنی پیرۆزییـەکانی پـارتی نییـە ئەو دەیکات ؟

مامۆسـتا بەتـەواوی وەك ئـەو پەنـدە عەرەبیـەی کـرد (چـربنی فبکـی ، سـبقنی واشـتکی) ! ئێمـە لای خۆمانـەوە بـاوەڕی تـەواومان بەبرایـەتی و تـەبایی و یـەك ریـزی تـەواو هەیـە و پابەنـدبوونین بـە یاسـا و پاراسـتنی حـەرەمی زانکـۆ و پـەیمانگاکان ، کوردسـتان مـوڵکی بـاوکی کـەس نیـە ، بـۆ کەسـیش نیـە بـە ئێمـە بڵێـت بـۆ بـە فڵانـە رەنـگ نانووسـن و بـۆ لێـرەن بـۆ لـەوێ وایـە !!! کـاتی ئـەم جـۆرە بیرکردنـەوەش دەمێکـە بەسـەر چـووە بـە تایبـەتی بـۆ کەسـێك کـە خـۆی بـە رۆشـنبیر و خـاوەنی دکتـۆرا بزانـێ ، هـەق وانیـە پایـەو دەسـەڵات بـۆ بەرژەوەنـدی تایبـەتی کەسـێك بـەکار ببرێـت ؟ ئێمـە بەرامبـەر بـەم سـوکایەتیانە رێگـای یاسایی دەگرینە بەر .

جـەماوەری خۆشەویسـت و گشـت لایـەك ئاگـادار دەکەینـەوە ، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هەمیشـە قوتابخانـەی رەوشـت بـەرزی و بـەرز راگرتنـی سـەروەری یاسـا و رێـز گرتنـی بەرانبـەر بـووە و بـۆ حورمـەتی یاسـا و حـەرەمی زانکـۆ قوربـانی خـۆی داوە ، خەڵك لەوە وریاترە بەدەرکردنی بەیاننامەیەك چەواشە بکرێت و بەری رۆژ بە بێژنگ ناگیرێت.

ووتەبێژێك بە ناوی

**راگەیاندنی لقی22ی گەرمیان (پ د ک**

)

12/9/2007